

**هەوارفارس**

**گۆڵپارێزی یانەی گازی باکوور:**

# راگەیاندنەکان دەتوانن شۆڕشێکی وەرزشی بەرپابکەن

شاری کەرکووک لە مێژووی وەرزشیی خۆی خاوەنی چەندین یاریزانی بەتوانایە کە دوارۆژێکی گەش لە چاوەڕوانی ئەواندایە، یەکێک لەم وەرزشکارە بەتوانایانە کچە یاریزان هەوار فارس-ە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٢ی پارێزگاری کەرکووکە و دەرچووی پەیمانگای هونەرە جوانەکانە لە بەشی شانۆ و کاری راگەیاندنیش دەکات لە کەناڵی ئاسمانی کەرکووک، لە وەرزشیشدا خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەسەر ئاستی تۆپی پێی کوردستان وعێراق، دواجار نازناوی خولی تۆپی پێی عێراقیان لەگەڵ یانەی گازی باکوور بەدەستهێنا. هەوار پێشووتریش بۆ هەریەک لە یانەکانی (سۆلاڤی نوێ، کەیوان، گازی باکوور) یاری کردووە، بۆیە لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان-ی دایەوە.

*** چۆن بوو هاتیتە نێو ژیانی وەرزشی؟**

- ساڵی ٢٠٠٦دەستپێکی هاتنە ناوەوەی من بوو بۆ نێو جیهانی وەرزش، لە قۆناغی یەکی ناوەندی بووم، لە ڕێگەی مامۆستا ڕێزان کە برا و مامۆستای وەرزشیم بوو لە خوێندنگاکەم، منیش وەکو هەر کچێکی تر ئارەزووم بوو بەردەوام بم لە نێو ئەم جیهانە بەرفراوانە، یەکەم یانە کە من یاریم بۆ کردبێ، یانەی سۆلاڤی نوێ بوو، لەم تیپەش بە یاری بالە دەستمپێکرد، ئێستاش خۆشبەختانە گۆڵپارێزی یانەی گازی باکوورم لە شاری کەکوک کە پاڵەوانی تۆپی پێی عێراقین.

*** بۆچی لەناو ئەم هەموو یارییە وەرزشیە جۆراوجۆرە یاری تۆپی پێت هەڵبژارد، ئایا بۆ ئێوەی کچان یارییەکی قورس نییە؟**

-بە بۆچوونی من یاری تۆپی پێی یارییەکی زۆر سەرکەوتووە بەسەر هەموو یارییەکانی تردا، چونکە یاری تۆپی پێی بووتە یارییەکی جیهانی و سەرچاوەی ماددییە، چەند وڵاتێك هەن یاری تۆپی پێی بووەتە سەرچاوەی داهاتیان، بۆ نموونە وڵاتی بەڕازیل سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی تەنیا لەسەر تۆپی پێیە، ئەمەش وای کردووە لە ڕێگەی ئەو هەموو ریکلامە جیهانییەی کە بۆ تۆپی پێی دەکرێت، ئەم یارییە هەڵبژێرم و بۆی بژیم.

*** ئاستی یاری تۆپی پێی لە کوردستان چۆن دەبینی؟**

- لە ئاستێکی تا ڕادەیەك مام ناوەند دەبینرێ، تاکو ئێستا بە شێوەیەکی پێویست نەتوانراوە بایەخی تەواو بە تۆپی پێی کچان بدرێت، بەڵام هەبوونی پاڵەوانێتی تۆپی پێی ئەگەر بێتو لە ساڵێك یەکجار ئەنجام بدرێ، ناتوانرێت ئەم یارییە بەرەوپێشچوون بە خۆیەوە ببینێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی قەیرانی دارایی و ڕەوشی کوردستان ناجێگیرە، بێبەش نەکراوین لەم پاڵەوانێتییانە، چ لە خولی کوردستان، یان خولی عێراق بێت.

*** هەست ناکەی یارییە وەرزشییەکان لە کوردستان پشتگوێ خراوە؟**

-من سەبارەت بە یارییەکەی خۆم بە پشتگوێ خراوی نابینم، گۆڕانکارییەکی باش کراوە لە چاو ساڵانی ڕابردوو، تۆپی پێی کچانیش بەرەوپێشچوونی باشی بەخۆیەوە بینیوە. خۆشبەختانە بایەخدانی ڕاگەیاندنەکانیش چ بینراو بێ، یان بیستراو، یان نووسراو ڕوولە باشییە و پشتگیرییەکی باشە.

*** کردنەوەی کەمی پاڵەوانێتی، ئێوە لەم یارییە سارد ناکاتەوە؟**

-بێگومان کەمیی پاڵەوانیەتییەکان بۆ یاریزانان ناخۆشە، بەڵام بۆ ئەوەی تیپەکە پلانی باشتر و تۆکمەتری هەبێ بۆ پاڵەوانیەتییەکانی دیکە، یاخود هێنانی هەر یاریزانێکی دی بۆ تیپەکە، پێویستی بە کات دەبێ تاوەکو لەگەڵ یەکدی ئاوێتە دەبن، بە بۆچوونی من لە ساڵێکدا دوو پاڵەوانیەتی بکرێتەوە کارێکی باشە بۆ ئەوەی تیپەکانیش بۆ نازناوێکی باش کێبڕکێ بکەن.

*** چی بکرێت باشە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان بەرز بکرێتەوە؟**

-ڕاگەیاندنەکان دەتوانن شۆڕشێکی وەرزشی بەرپابکەن، بۆیە ئەرکی ئەوانە وەرزشیی کوردستان سەرەتا بە خەڵکی کوردستان ئاشنا بکەن، دواتری تیپی تۆپی پێی کچانی کوردستان بەجیهان بناسێنن، ئەوکاتە ئەگەر ئەمە کرا ئەوە بەرزترین ئاست دەبێ بۆ کچان و ئەوانیش ویستی زیاتریان دەبێ بۆ هاتنە ناو جیهانی تۆپی پێ.

*** گرفتی وەرزشی یاری تۆپی پێ لە چیدا دەبینی؟**

-ئەگەر بێتو بایەخی تەواو بەم یارییە بدرێت، بۆ نموونە ئەگەر لە قۆناخەکانی خوێندنی بنەڕەتی منداڵ ئاشنا بکرێت بەم یارییە بە شێوەیەکی پەروەردەیی، ئەوا کە گەورە دەبن و ڕوو لە یانە وەرزشییەکان دەکەن، ڕاهێنەران پێیانەوە ماندوو نابن و لە سفرەوە ئیشیان لەسەر ناکەن. ئەوکاتە بەکگراوندێکی تۆپی پێ لە مێکشیان هەیە و دەزانن لە ناو یاریگا چۆن دەوەستن و چۆن دەجوولێن، بۆیە پێشنیار دەکەم پەیڕەوی پەروەردە بگۆڕدرێت، لە بری ئەوەی یارییەکی تر بۆ کچان دابنرێ، یاری تۆپی پێ بکرێتە نێو یاری کچانەوە، ئەوکاتە هیچ گرفتێك نابێتە لەمپەر لە پێش یاری تۆپی پێ.

*** هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردووی؟**

-ئێستا هیچ یانەیەك گرێبەستی پێشکەش نەکردووم، بەڵام ئەگەر ڕۆژێك هاتوو داوام لێکرا، ئەوە من ڕەتی دەکەمەوە، چونکە لەسەرەتاکانی دەستپێکردنم لە دنیای وەرزش بەڵێنێکم بە خۆم و شاری کەرکوك داوە، تاکو بەردەوامبوونم لەم یارییە من موڵکی شارەکەم بم.

*** بەهیوای چیت لە ژیانی وەرزشیت؟**

- زۆر بە هیوا و گەشبینم، چونکە وەرزشم کردووە بە شێکی گرنگ لە ژیانم.

*** بەرنامەت بۆ داهاتوو چییە؟**

- بەرنامەی هەمیشەییم و داهاتووم خزمەتکردنمە بە وەرزش لە شاری کەرکوك و خزمەتکردن بە یانەکەم.

*** قەیرانی دارایی تاچەند کاری کردۆتە سەر ئەم یارییە؟**

- لەگەڵ ئەوەی کەوتووینەتە بارودۆخێکی قەیراناوی، پێویستە سوپاسی ئیدارەی یانەکەم بکەم کە ڕێگەی نەداوە بێبەش بین لەم یارییانەی کە ئەنجامی دەدەین. ئەم قەیرانە وای کردووە چالاکییە وەرزشییەکان کەم بێتەوە، لەگەڵ ئەوەش چەندەها یانە هەیە لەبەر نەبوونی بودجە کارگێڕی یانەکەی هەڵوەشاندۆتەوە، ئەمەش کارەساتێکی جەرگبڕە بۆ وەرزشکاران.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە بەردەوام وەرزشکاران بەسەر دەکەنەوە لە شارەکانی کوردستان بە بێ جیاوازی، سوپاس بۆ هەر کەسێك کە بە بچووکترین شت خزمەتی بە وەرزشی کچان گەیاندووە لە کوردستان.

دیمانە: کارزان کانەبی




# فابریگاس هیچ گەرەنتییەکی بۆ پێکهاتەی سەرەکی نییە

سێسک فابریگاس، یاریزانی ئیسپانی یانەی چێلسی سەرەڕای ئاستە بەرزەکەی بەرامبەر لیستەر سیتی، بەڵام لەلایەن راهێنەری یانەکەیەوە هیچ گەرەنتییەکی نییە بۆ پێکهاتەی سەرەکی.

ئەنتۆنیۆ کۆنتی، راهێنەری ئیتاڵی یانەی چێلسی ئینگلتەرا لە کۆنگرەی رۆژنامەنووسی دوای یاری یانەکەی بەرامبەر لیستەر سیتی گوتی: راستە فابریگاس ئاستێکی نایابی پێشکەش کرد لەو یارییە، بەڵام من هیچ کاتێک گەرەنتی بە یاریزانان نادەم بۆ پێکهاتەی سەرەکی، بۆیە پێویستە لەسەر گشت یاریزانان هەمیشە لەسەر هەوڵەکانیان بەردەوام بن.



# مانسینی بۆ راهێنەرایەتی یانەیەکی ئیسپانی پاڵێوراوە


# براڤۆ: پێوەندیم بە مان ستیبیەوە کرد، بۆ ئەوەی لە بارسا لەسەر کورسی یەدەگ دانەنیشم




دەنگۆی جێهێشتنی لەناکاوی بەرشلۆنە لەلایەن کلاودیۆ براڤۆی گۆڵپارێز و کاپتنی چیلییەوە و هەرزوو پشتڕاست کردنەوەی هەواڵەکە بە کردارەکی لە هەواڵە گەرمەکانی میرکاتۆی هاوینە بوو. لە تازەترین لێدوانیدا بۆ کادینا سێری ئیسپانیی، براڤۆی تەمەن ٣٣ ساڵ چەند شتێکی لەو بارەیەوە درکاندووە و هۆکارەکانی جێهێشتنی روون کردۆتەوە.
لەم بارەیەوە براڤۆ دەڵێت: چیتر مـن نەبووم کە گۆڵپارێزی ژمارە یەک بم لە بارسا، بەڵکوو شتیگن بوو. کلاودیۆ کە بۆ ماوەی دوو وەرز وەک گۆڵپارێز بژاردەی یەکەمیی لویس ئینریکی بوو، لە کاتێکدا شتیگن تەنیا لە جامی شادا بەشداریی پێ دەکرا، دوای گەڕانەوەی لە پێکان ئەو پێگەیەی لە براڤۆ لەق کرد، وەک براڤۆ خۆی ددان بەمەدا دەنێت. لە درێژەی وتەکانیدا براڤۆ دەڵێت: بارسا بۆندی نوێکردنەوەی پێشکەش کردم، بەڵام منیش لە پلانەکانیان تێگەیشتم، بۆیە نەمویست لەسەر کورسیی یەدەک بمێنمەوە، ئەمە ئیشی من نییە، ئەوانیش لەمە تێگەیشتن.
سەبارەت بەوەی لە میدیاکاندا لە بارەی خۆی و شتیگنەوە دەبیسترا، براڤۆ دەڵێت: ئەوەی لە میدیاکاندا دەخرایە روو کە گوایە پێوەندیی نێوانمان خراپ بووە، هیچ راست نەبوون. هەرگیز کێشەیەکمان نەبووە، ئەوە راستییەکەیە، هەمیشەییش لە کێبڕکێی نێوانمان سوودمان بینیوە.

رۆبێرتۆ مانسینی راهێنەری ئیتالی بۆ پۆستی راهێنەرایەتی یانەی ڤالێنسیای ئیسپانیا پاڵێوراوە. رۆژنامەی وەرزشی ”as“ی ئیسپانیا بڵاویکردەوە دوای دوورخستنەوەی پاکۆ ئایستاران راهێنەری یانەی ڤالێنسیا، بەرپرسانی ئەو یانەیە لە هەوڵی ئەوەدان بە زووترین کات راهێنەرێک بۆ یانەکەیان دەستنیشان بکەن بۆیە یەکێک لە پاڵێوراوەکانی رۆبێرتۆ مانسینی ئیتاڵییە.
یانەی ڤالێنسیا لە چوار یاری سەرەتای وەرزی ئەمساڵ تووشی شکست هاتووە، بۆیە بەرپرسانی یانە بڕیاری دوورخستنەوەی راهێنەری یانەکەیان دا.





# یەکێتی تۆپی دەستی هەولێر بەدوای سپۆنسەردا دەگەڕێت

لەگەڵ ئەوەی قەیرانی دارایی زۆربەی چالاکییە وەرزشییەکانی پەکخستووە، یەکێتییە وەرزشییەکانیش بەهیوای ئەوەن بتوانن شوێنێك بدۆزنەوە بۆ ئەوەی سپۆنسەریان بکات بۆ ئەنجامدانی چالاکییە وەرزشییەکانیان، یەکێتی تۆپی دەستی هەولێریش لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی زۆرە هیچ چالاکییەکی وەرزشیی ئەنجامداوە، بەڵام ئێستا سەرۆکی یەکێتییەکە لە هەوڵی ئەوەیە سپۆنسەرێك بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی خولێك بۆ یانەکانی پارێزگای هەولێر ئەنجام بدەن، لەم بارەشەوە سامان ئیبراهیم سەرۆکی لقی هەولێری یەکێتی تۆپی دەستی عێراقی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە ئێستادا ئامادەکاریمان کردووە بۆ ئەوەی خولێك بۆ یانەکانی پارێزگای هەولێر بکەینەوە وەکو دەستپێکی چالاکییەکانمان، بەڵام ئێستا لە هەوڵی ئەوەم بتوانم سپۆنسەرێك بدۆزمەوە بۆ ئەوەی سپۆنسەری خولەکە بکات و پارەی خولەکەمان بۆ دابین بکات، تاکو ئێستاش هەر لە هەوڵی ئەوەین بۆ ئەوەی ئەم کارە بکەین، ئەم خولە بۆ ئاستی کوڕانی یانەکانی شاری هەولێر دەبێت، هەرچەندە تاکو ئێستا کەس گرەنتی نەداوە بە ئێمە، بەڵام سەرۆکی نوێنەرایەتی هەولێری لێژنەی ئۆڵۆمپی بەڵێنی ئەوەی داوە هاوکاریمان بکات بۆ ئەوەی ئەم خولە بەڕێوە ببەین، ئێمەش چاوەڕوان دەکەین هەر شتێکمان دەست بکەوێ دەست بە خولەکە دەکەین، یاریزانەکانی یانەکانیش بەردەوام پێوەندیمان پێوە دەکەن بۆ زانینی بەڕێوەچوونی خولەکەیان، ئێمەش دەمانەوێ خزمەتێك بەم یارییە بکەین لە شاری هەولێر.»



## سیروانی نوێ گرێبەستی یاریزانەکانی نوێ کردەوە

هەر چەندە یەکێتی تۆپی پێی کوردستان وادەی دەستپێکردنی خولی نایابی یانەکانی کوردستانی بۆ ٣ی مانگی ١١ دواخست، بەڵام یانەکان کەوتوونەتە خۆیان بۆ ئامادەکاری و گرێبەست کردن لەگەڵ یاریزانان، یانەی سیروانی نوێ کە ئەمساڵ سەرکەوتووە بۆ خولی نایابی کوردستان لە ئێستاوە دەستی بە ئامادەکارییەکانی کردووە، بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانانی تیپەکەی رازی کردووە بۆ مانەوەیان لە تیپەکە و چەند یاریزانێکی تازەشیان هێناوەتە یانەکەیان. هەر لەم بارەیەوە رزگار عەلی راهێنەری یانەی سیروانی نوێ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان وەکو پێویستە بۆ ئەم وەرزی خولی نایابی کوردستان، بە کۆکردنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانەکانی وەرزی رابردووی خۆمان دەستمان کردووە بە ئامادەکارییەکان و بۆ ئەمساڵیش ژمارەیەکی زۆر لە یاریزانەکانی وەرزی رابردوو گرێبەستمان لەگەڵیان تازە کردۆتەو، بۆیە ئومێدی زۆرمان بەم یاریزانانە هەیە کە بتوانین ئەنجامی باش بەدەست بهێنین.» لە بارەی کەمپی مەشقیی یانەکەش رزگار گوتی: «ئێمە تەنیا لە ناوخۆ کەمپی مەشقیمان کردۆتەوە و یاریزانەکان خەریکی مەشقەکانی خۆیانن، بۆ ئەم وەرزەش ژمارەیەك یاریزانمان هێناوە لە ناوەخۆی هەرێمی کوردستان لەگەڵ یاریزانەکانی تر مەشق دەکەن، بەهیوای ئەوەین ئەنجامی پێویست بەدەست بهێنین.» جێگای ئاماژە پێکردنە سیروانی نوێ بۆ ئەم وەرزە هەریەك لە یاریزانان (هاوکار حوسێن و هەرێم سەرچڵ لە یانەی ئاشتی و ئاکۆ عوسمان لە یانەی کەرکووك، بەختیار عوسمان لە یانەی برایەتی و کارزان حەمە یوسف لە یانەی نەورۆز و بیلال عەلی لە پێشمەرگەی سلێمانی)یان هێناوەتە ریزی یانەکە.

## هەولێر متمانەی بەم تیپە لاوە هەیە

ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو هەولێر درێژەی دا بە پشت بەستن بە لاوی کوردی شاری هەولێر، بۆ ئەم وەرزەش هەولێر ژمارەیەکی زۆری لاوەکانی شاری بەسەر خستووە بۆ ئەوەی شان بە شانی تیپە گەورەکان شەڕی گەورە لەسەر خولی نایابی عێراقی بکەن، هەولێر لەلایەن هاندەرانەوە دووچاری سەرزەنشت کردن بوونەتەوە بەهۆی ئەوەی کە ئەمساڵ هیچ گرێبەستی وایان نەکردووە بۆ ئەوەی بتوانن ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنن، بەڵام دەستەی کارگێڕی و ڕاهێنەرانیش ئومێدی زۆریان بەم لاوانەی شار هەیە کە بتوانن بە خۆ ماندوو کردنیان ئەنجامی گەورە تۆماردەکەن، لەم بارەشەوە مۆفەق یونس یاریدەدەری ڕاهێنەری یانەی هەولێر بۆگۆڤاری گوڵان گوتی» ئێمە وەکو تیپی خولی نایابی یانەی هەولێر دەستمان بە ئامادە کاری کردووە بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامان هەبێت و تیپەکەشمان کۆکردۆتەوە بە شێوەیەکی گشتی ئەمساڵ زیاتر پشتمان بە یاریزانانی کوردی خۆمان بە ستووە جیاوازترین جگە لە هێنانی هەریەك لە یاریزانانی پیشەگەری سووری تامر ئەلحەج وئەحمەد ئەلقەدور بەفەرمی پەیوەندیان لە ئێمە کردووە جگە لەوانەش سێ یاریزانی عێراقیمان هەیە کە عەرەبن ئەوانی مستەفا ئەحمەد و ویسام زەکی و نەدیم کەریم کە پێشووتر لە ریزی یانەی هەولێر بووینە،جگە لەم پێنج یاریزانە سەرجەم یاریزانەکانی ترمان کوردن و کوردستانین، ئێمە رۆژانە مەشقی پێویستمان ئەنجامداوە بەهۆی گرفتی داراییش نەمان توانیووە کەمپی مەشقی لە دەرەوەی وڵات ئەنجام بدەین، بەڵام بۆ ئەوەی مەشقی پێویستمان هەبێت رۆژانە دوو یەکەی مەشقیمان ئەنجامداوە، لەبارەی گلەیی ژمارەیەك لە هاندەرانیش مۆفەق گوتی: «هێشتا زووە بڕیار لەسەر مان بدەن، چونکە تەنیا دوو یاریمان لە خولەکە ئەنجام داوە تەنیا پێیان دەڵێن سەبر بگرن چونکە ئێمە متمانەی تەواومان بە خۆمان هەیە کە دەتوانین ئەنجامان هەبێت و گەشبینم بەم تیپە لاوە بەڕەکەت لەم یاریزانانەیە کە لە ژێر دەستمانن و ڕاهێنەری تیپەکەشمان ئومێدی هەیە کە بتوانین ئەنجامی باش تۆماربکەین رۆیشتنی چەند یاریزانێکیش لە تیپەکەمان شوێنی ئەوانمان پڕ کردۆتەوە، لەبارەی گرفتەکانی تیپەکەش مۆفق گوتی» قەیرانی دارایی گرفتی گەورە بۆیە دواکەوتووین لە کۆکردنەوەی یاریزانان و بەڵام بە مەشقی پڕ و چڕ ئەو دواکەوتنەمان پڕ کردۆتەوە وە ئیدارەی تیپ و سەرۆکی یانەکە و ئێمەش وەکو دەستەی ڕاهێنەران ئومێدی تەواومان هەیە کە شتێك بە شتێك بکەین.